Referendum for Kurdistan

# کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان /سویسرا

نامەیەکی کراوە بۆ کۆنفرانسەکانی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم لە سوید
بەڕێز د.کەریم تۆفیق
بەڕێزان کۆنفرانسی کۆمیتەکانی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم
سڵاو بەڕێزان

بەو هیوایەی ئەمرۆ کە ئێوەی بەڕێز کۆ بوونەتەوە،مێژووی پڕ کارەساتی هەشتاوسێ ساڵی خەڵکی کوردستانتان وەکوشریتی عومرێکی ڕابردووی تاڵی ژێر دەستەیی بێتەوە پێش چاوتان ودەروونی هەمووتان لەناخەوە بهەژێنێ و خواستی دڵی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستانتان بۆ سەربەخۆیی لەلا بکات بە هەڵوێست و بڕیار،هەشتاوسی ساڵ لە ئیلحاقی زۆرە ملێ و بە ئاگروئاسن وجینوسایدوئەنفال وئیعدام وزیندانی وکیمیاباران لەناو دەوڵەتی عێراقی عەرەبی وئیسلامی، لەڕاپەڕین دا کۆتاییی پێ هات،کۆچی ملیۆنی جەماوەری خەڵکی کوردستان نمایشێکی بە کردەوەی ئیعلانی ئەو سەربەخۆیی یە بوو کە سیانزە ساڵە هەیە و مەوجوودە،وەسیقەیەکی نێو دەوڵەتی بەڵگەنەویستە و هەموو دەنیا ڕێزی لێ دەگری.کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تۆنی ڕاستەقینەی خواست و ئارەزووەکانی ناو دڵی خەڵکی کوردستانی هەر زوو شنەفت وبۆیە هەر زوو لە ڕۆژی لە دایک بوونی یەوە تا ئەمڕۆ بە دەنگی بەرز ئاوازی سەربەخۆیی دڵی خەڵکی کوردستان دەچڕێ و لەم پێناوەدا گیانمان بەخت کردووەو جێگای کارو چالاکیمان پێ داخراوە،خەباتی بێ پسانەوەمان کردووەوکۆنفرانسی نێودەوڵەتیمان بۆ ڕێکخستووەوکەسایەتی یە سیاسی وئینسانی یەکانمان لە دەرەوەوناوەوەی کوردستان هێناوەتە پشت ئەم قەزی یەوە،کە ئە وەلە دونیای هاوچەردا سادەترین،ڕەوا ترین،مافە کە لە خودی خەڵکی کوردستان بپرسرێت چی دەخوازن؟ ئایا دەتانەوێ دەولەتی سەربەخۆی خۆتان هەبێت؟یان دەتانەوێ بگەڕێنەوە چوارچێوەی پلە دوویی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا؟ئەمەش بە هەوڵدان و خەبات بۆ ئەنجام دانی ڕیفراندۆمێک لە کوردستاندابە پشتیوانی یەکی نێودەوڵەتی.زیندوویی و ڕەوایی ئەم خواستە،ئێوەشی هێنایەسەر قەناعەتی سادەیی بە ئەنجامگەیاندنی کارێکی لەو جۆرەو کارتان بۆ کرد لە کوردستاندا.

ئەحزابی قەومی دەسەڵاتدار لەکوردستان،نوێنەری ئەم خواستە ڕەواو زیندوو و سادەیە نەبوون و نین،بەڵکوو ڕێگر لە بەردەم تەنها ئیعلانی سەربەخۆیی یەکی دیفاکتۆ کە سیانزەساڵەمەوجوودە،سەلب ویەخسیر کردنی بووکی سەربەخۆیی دڵخوازی خەڵکی کوردستان لە پشت دەرگا داخراوەکانی خێڵ و بنەماڵە،بە دوو قۆناغ بە کار هێنراوە،ئەویش تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندی مافیاکانی زاڵ بە سەر چارەنووسی جەماوەری تینووی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان،ئەوان سیانزە ساڵە خەریکە تەرحی فیدرالیزمی قەومیی وەکوو کۆپی یەکی قووللابی بە ناوی سەربەخۆیییەوەدەرخواردی خەڵکی کوردستان ئەدەن،قۆناغی یەکەم تاکوو پێش ڕوخان و لەناوچوونی ڕژێمی دڕندەی سەددام ئەم بووکی سەربەخۆیی یەی دڵخوازی خەڵکی کوردستان بە کار دەهێنرا تەنها بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لە ڕژێمی هاری ئەنفال و کیمیابارانی سەددام،بەکار دەهێنرا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا،دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی سیاسی ئێران،وە بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.قۆناغی دووەم لە دوای هێرشی سەربازی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق ،ڕژێمی دڕندەی سەددام ڕوخێنرا،بەڵام دیاری ئەمەریکاودارو دەستەکەی لە ئەحزابی قەومی و ئیسلامی،جڕوجانەوەرەکانی سیناریۆی ڕەش بوو لەگەڵ خاپوورکردنی هەموو بنەماخزمەتگوزاری یەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەوڵەتی عێراق.کە ئێستا جڕوجانەوەرەکانی سیناریۆی ڕەش خەریکی موهیممەیەکی تازەن ،لەم قۆناغەدا بووکی سەربەخۆیی بە بارمتەگیراو لای پارتی ویەکێتی{وەستا جومعەکان}و{ئۆمەرە چاوچنۆکەکان}دیسانەوە کالایەکە،بەڵام ئەم جارە بۆ وەرگرتن و زیاتر کردنی شەریکە بەشی خۆیان بە ناوی سازدانەوەی دەوڵەتی عێراقی عەللاوی کۆنە بەعسی و یاوەری شۆڤینی وسیستانی کۆنەپەرست, خەریکەتەسلیم دەکرێتەوە،بەڵام ئەم جارەبە پەنجە مۆریشەوە،لە ژێر ناوی ڕسوای هەڵبژاردنی گاڵتەجاڕی یەوەلە بەرامبەر چەند پۆستێک وچەند کورسی یەکی زیاتر لە بەغدا.

بەڕێزانم لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم.

هەروەکوو پێشووتر ئیشارەم پێدا،زیندوویی و ڕەوایی وسادەیی پرسی ئەنجام دانی ڕیفراندۆم بە خۆشحاڵی یەوە ئێوەشی هێنایەناوەوە،هاتن و لە کوردستان و لە دەرەوە کارتان بۆ کرد،بەڵام بە داخەوە وەکوو بە کردەوە دەرکەوت ئێوە ئیمزاکانی خەڵکی کوردستان لە ناوەوەودەرەوەکە بۆ پرسی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم دابوویان،بە ئاشکرا ڕاتان گەیاند بۆ فیدرالی یەغەیبی یەکەی پارتی و یەکێتی یە،نەک بۆسەربەخۆیی،ئەمەو بێ دەنگیتان لە ئاست هەڕەشەو گوڕەشەکانی یاوەری شۆڤینی خۆی لە خۆی دا دوا بزماربوو لە تابووتی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم،دەرکەوت ئێوە بوونە ئامرازێک وبەکارهێنران بۆ بەرگرتن بەو هەڵچوونەجەماوەری یە،ئەگەر چی بە شێوەیەکی کاتیش بێت، ئەمەش هەوڵێکی مەکشوف ونەزۆک بوو هەرلە ئەوەڵەوە،لە لایەن ئەحزابی دەسەڵاتدار بۆ کەمکردنەوەی فشاری ڕوو لە زیادی جەماوەری خەڵکی کوردستان و بەرگرتن بە

هەر تەقینەوەیەکی چاوەڕوانکراو ئێستاشی لەگەڵ بێت،بۆیە خەڵکی کوردستان لەدوای ئەمەوە ئێوە بە دەسکەلای پارتی و یەکێتی و شەریکە تاوانی بە زۆر ئیلحاقکردنەوەی خەڵکی کوردستان جارێکی تر بۆ ناو دەوڵەتی عێراقی عەرەبی و ئیسلامی چاولێدەکەن.

بەڕێزانم

خەڵکی کوردستان لە دەرەوەو ناوەوە ئەو فۆرمانەیان بۆ خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێک ئیمزاکرد،کە لێیان بپرسرێت دەتانەوێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان؟یان بە زۆرئیلحاق بکرێنەوەبە عێراق؟ئەمەتان تا ئێستائەنجام نەداوە،لێرەوە ئێمە داواتان لێدەکەین،روونی بکەنەوە بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان چارەنووسی ئیمزاکانیان بە چی گەشت؟وە ڕێگری یەکانی بەردەم نەگەشتنی بە جێگای خۆی چی یە؟تکاتان لێ دەکەین ئەگەر ناتوانن بیگەیەنن بە جێگای مەبەست ،ئەوا ئێمە بە دڵنییایی یەوە ئە و کارە دەکەین پێش ئەو هەڵبژاردنە گاڵتەجاڕی یەی بەرێوەیە بۆ سەر لەنوێ سازدانەوەی دەوڵەتی عێراق،کە بە دڵنیاییەوەدواخستنی ئەمە بۆ دوای هەڵبژاردن ئەرکمان قورستر دەکات.بۆیە ئێمەلە کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان زۆر بەپێویستی دەزانین کە ئیتر کات بەفیرۆ نەدەین،لە دەرەوەو لە ناوەوەی کوردستان دەست بە کار بین،وە بەستن وسەرکەوتنی کۆنگرەی [لەندەن] بۆ داواکاری ئەنجام دانی ڕیفراندۆمێک لە کوردستاندا پێش هەڵبژاردن و بپرسرێت لە خەڵکی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆت دەوێت..ئا...یان..نا؟ سەرەتای دەورەیەکی ئێجگار چارەنووسسازە لەمێژووی خەڵکی کوردستان،کە ئێمەدەستمان داوەتە چالاکی بەرفراوانی جەماوەری،لەو پێناوەدا ،بۆ ئەوەی ئێوەش لە بەرامبەر مێژوو،وە بۆ خەڵکی کوردستانی بسەلمێنن کەئامرازێکی دەسکەلای یەکێتی و پارتی نین،وەرن پێکەوەئەم ئەرکە لە ئاستی دونیا و لە کوردستان بخرۆشێنین،چونکە ئەوان بە ئەقڵی خۆیان خمەکەیان زۆر خەست گرتۆتەوە،وا ئەزانن خەڵکی کوردستان نوستوون،لە هەڵبژاردن، وە بە هیوای ئەوەی ئێوەی بەرێز بێنەوە ناو ئەو خرۆشانە جەماوەری یانەی ڕەحم بە مامەلەچیان ناکات،دڵنیاشبن زۆرن ئەو شتانەی ڕوودەدەن پێس ئەوەی لێو بە پەرداغ بگات.

**نا بۆ هەڵبژاردن**

**بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**فازڵ عوسمان / بەرپرسی کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەر بەخۆیی کوردستان لە سویسرا**

20.12.2004

**سویسرا**